سودانی میکانیزمەکانی پڕەپەدانی سەرمایەی سندوقی خانەنشینی و پتەوکردنی خزمەتگوزارییەکانی خانەنشینان تاوتوێ دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی سەرکایەتی کۆبوونەوەیەک کرد لەگەڵ دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بەاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد، کە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت لێخۆگرت.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا باس لە میکانیزمی پڕەپەدانی سەرمایەی سندوقی خانەنشینی و ئەو پێژانەی وەبەرهێنان کرا،کە پەیوستن بە بەرزکردنەوەی پاشکەوتەکانی، جگە لە چارەسەرە یاساییەکان بە ئەوەی بەشداربن لە پڕەپەدانی کارەکانی دەستەی خانەنشینی و سندوقەکە، بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 9ی ساڵی 2014 و هەمواره هاوپێچەکانی.

سەرۆک وەزیران ستایشی هەوڵەکانی دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی

دەوڵەتی کرد بە کەمکردنەوەی ژمارەی سەردانیکەران بە فەرمانگەکانیان و پەرەپێدانی حوکمەانی و خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بە پشکشکردنی خزمەتگوزاری گشتگیر بەبێ ئەوەی پەویست بکات خانەنشینەکان سەردانی فەرمانگەکانیان بکەن و دەنیابوون لە پارستنی خزمەتگوزارییەکانیان.

سودانی دەستکە و سندوقی خانەنشینی ڕاسپارد بە دەنیابوون لەوەی لقەکانی لە پارەزگاکاندا خزمەتگوزارییەکان لە هەمان ئاستی ئەوانەی لە بەغداد پشکش دەکرێن پشکش بکەن، هاوکات تیشک بخەنە سەر وەبەرهێنان لە پرۆژە سەرکەوتوو و سوودبەخشەکان.

هەروەها سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پابەندبوونی حکومەتی دووپاتکردەوە، وەک بەشێک لە چاکسازییە بەردەوامەکانی لە هەموو کەرتەکاندا، بە پاراستنی مافی ئەو خانەنشینانەی کە بەدرێژایی دەیان ساڵ خزمەتگوزارییان پشکش کردووە و شایستەی دارایی خەیان داوە، ئەمەش پەویستی بە پەرەپێدانی سیستەمی خانەنشینییە بە دەستبەرکردنی دادپەروەری و سەقامگیری کەمەایەتی.